# ماركس و سەرمایەداریی لە
# وەهمەکانی(بەختیار عەلی) دا



ئەنوەر نەجمەدین

مای ٢٠١٨

## سەرەتا

هەژاریی ئەدەبی کوردی، دەگاتە ئەو ئاستەی، کارل مارکس وەک یەکێک لە لێکۆڵەرەوە هەرە سەرکەوتووەکانی سیستمی سەرمایەداری و خودی سەرمایەدارییش خۆی وەک شێوازیک لە بەرهەمهێنان، بکەوێتە بەر نووکی کولی (فەلسەفەی ئەخلاق) و (فەلسەفەی بوونگەرایی). ئەمە لەکاتێکا ئەو دوو فەلسەفەیە هەردووکیان، لە خودەوە دەستپێدەکەن نەک لە پەیوەندەیەکانی بەرهەمهێنان و گەشەی مێژووییانەوە. ئەو جۆرە دەستپێکردنەیش، هەموو مەنهەجیەتێکی لێکۆڵینەوە، دەخاتە سنووری ئارەزووە تاککەسیەکانەوە، کە ئەویش لە ئەدەبی ڕەهەندیەکاندا، بەتایبەت لە نووسنەکانی بەختیار عەلیدا، دەمانباتەوە بەرەو ئازادیەکەی سارتەرو سیزییفە بێهودەکەی کامۆو مەسیحیەتەکەی کیرکگەرو نازیستیەکەی هایدگەرو مرۆڤە بەرزەکەی نیتشە. ئەمانەیش تێکرا، ئەو فەلسەفە برجوازیانەن کە بە هەموو تواناییانەوە، هەوڵی دوورخستنەوەمان دەدەن لە جیهانی ماتریالیستی، بەڵکو دەمانبەنە نێو سایکۆلۆژیەتی هەریەکە لەو نووسەرانەو قوتابیەکانیانەوە بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانماندا دەربارەی ئەم جیهانە جەنجاڵە. پێوەری ئەو نووسەرانەیش بریتیە لە: ئەخلاق، بێهودەیی، ئازادیی تاک، سێکس، بوون و نەبوون، من و بەرزە من. هەربۆیە، سەیر نیە ئەو نووسەرانەیش، هەروەک کڵێسا، بە خەڵکی بڵێن: یەکتریتان خۆش بوێت، یەک مەکوژن، خۆپەرست مەبن. هەر لەبەر ئەمەیشە، دوا پەیامی ئەو فەلسەفەو فەیلەسووفانە، کونجی قەناعەت گرتن و گەڕانێکی سۆفیگەرانەیە بە دوای ڕاستیە پەنهانیەکاندا. ئەمانەیش بنکەی خەیاڵی ئەو شاعیرانەن کە نەک ئازادانە بە پانتایی جیهاندا، بەڵکو؛ بەبێ هیچ ڕێگریەک، بە قووڵایی کۆسمۆسدا دەسوورێنەوە.

بەپێچەوانەی ئەمانیشەوە، زانستی تاقیگەیی، بەر لە هەرچی، مەنهەجیەتێک دەخوازێت لە گەڕاندا بە دوای هەر بابەتێک و ماتریالەکانی لێکۆڵینەوەی هەر بابەتێکیشدا. بۆیە ئەوەی کارل مارکس لەم فەیلەسووفانەو قوتابیەکانیان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە مارکس لەسەر زەوی و لە مێژوودا، بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک دەگەڕێت نەک لە دەرەوەی مێژوو یان لەودیو سایکۆلۆژیای تاکەوە. وە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسەو وەڵامی بەختیار عەلی و فەیلەسووفە مەسیحیەکان و ئابووریزانە برجوازیەکان، هەر پەنا دەبەینەوە بەر دەستکەوتە ماتریالیستیە مێژووییەکانی مارکس خۆی؛ تا ببینین کامەیە کلیلی مارکس بۆ تێگەیشتن لە مێژوو.

## ناوەڕۆکی باسەکە

بەختیار عەلی، لە گۆشە نیگای سۆمبارتەوە (١٨٦٣-١٩٤١) کە یەکێکە لە ئابووریزانە برجوازیە نازیستەکانی ئەڵمان و لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەریی مارکسیەکاندا بووە، باس لە مێژووی سەرهەڵدانی سەمایەداری دەکات و هەر ئەو تێزە برجوازیانەیش دەکاتە بنکەی پیاهەڵشاخانێکی زۆر نەشارەزایانە بە کارل مارکسدا. (ڕۆژنامەی ئاوێنە) یش، بۆ دروستکردنی شێوانشێوێکی فیکری، زۆر بە دڵخۆشیەوە؛ دەرگای بۆ هەموو ئەو فەیلەسووفە مەسیحی و نازیستانە خستۆتە سەرپشت کە دەکەونە بەرامبەر ئەو چینە هەژارەی بەردەوام لە شەڕی ژیاندان و هەر ئەو شەڕەیش، لە سەردەمە شۆڕشگێڕیەکاندا، شۆڕشگێڕیان دەکات، ئیتر با بەختیار عەلییش بڵێت: گرنگ نیە شۆڕشگێڕ بیت!

هەرچۆن بێت ئەم باسە ناچارمان دەکات، دیدگای مارکس بۆ مێژوو، بخەینە پێشەوەی باسە سەرەکیەکەمان.

## دیدگای کارل مارکس بۆ مێژوو

بە پێچەوانەی لیبرالیستە برجوازیەکانەوە، کلیلی مارکس بۆ تێگەیشتن لە جیهان، پشکنینێکی ماتریالیستانەی مێژووە نەک خەیاڵێکی شاعیرانەو فەیلەسووفانە. مارکس لە ناو مێژوودا دەوەستێت و ڕەگەزو فاکتەرەکانی مێژوو دەپشکنێت. بۆیە یەکەمین ڕەخنەی کارل مارکس لە فەیلەسووفان، لە ڕەخنەی فەیلەسووفە مەسیحیە ئەڵمانیەکەوە دەستپێدەکات، لە ڕەخنەی هیگڵەوە کە لە دەرەوەی مێژوودا دەوەستێت و بە تێڕامان دەڕوانێتە مێژوو.

مارکس دەڵێت: لەلای هیگڵ .. "مێژوویەک لەسەر زنجیرەی کات" بوونی نیە، بەڵکو هەر تەنها "زنجیرەی ئایدیا" بوونی هەیە. هیگڵ وادەزانێت جیهان بە بزووتنەوەی ئایدیا بینا دەکات (مارکس، هەژاریی فەلسەفە).

بەلای مارکسەوە مێژوو زنجیرەیەکە لە کات، ئیتر بە هەموو گۆڕانێکەوە لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و چینەکانی کۆمەڵ و بیرو ئایدیاکاندا. بۆیە بەلای مارکسەوە: "ئاشی دەستی کۆمەڵگایەکمان دەداتێ بە لۆردێکی فیۆدالەوە، ئاشی هەڵمی، کۆمەڵگایەکمان دەداتێ بە کاپیتالیستێکی پیشەسازیەوە" (مارکس، هەژاریی فەلسەفە).

ئا ئەم جۆرە تێگەیشتنە ماتریالیستیە لە مێژوو، بە فەلسەفەی ئەخلاق و بوونگەرایی و ئابووریزانێکی برجوازی وەک سۆمبارت لێکنادرێتەوە، بەڵکو دەبێت لە هەمان دیدگای ماتریالیستیەوەو بە هەمان مێتودی تاقیگەیی هەڵبسەنگێنرێت. بەڵام لە کاتێکا بەختیار عەلی بەم جۆرەی خوارەوە مێژوو دەبینێت، ئەوا سەختە ئەم دیدگایەی بەش بکات بۆ دیتنی تێزە ماتریالیستیەکانی کارل مارکس وەک خۆی.

بەختیار دەڵێت: "لە دوای کۆتایی جەنگ، تەواوی مرۆڤایەتی خۆی لەبەردەم ئەو مەترسیە گەورەیەدا دەبینی کە زانست بۆتە دڕندەیەکی بەرەڵاو دەشێت چی هێزی تاریک و نادیارو وێرانکەری ناو مرۆڤە بەرەڵای بکات ...

ئەوە وایکرد وێنەی زانست و کاریگەرە ڕزگارکەرو مانا ڕۆحی و ئەخلاقیەکانی، زیانێکی گەورەیان بەربکەوێت. زانست لە دوای جەنگەوە هێزە ئەخلاقیەکانی خۆی دۆڕاندو وەک هۆکارێکی ترسناکی بەدبەختی و کارەسات سەیر دەکرا" (ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٢٧٥، سێشەممە، ٢٠١١/٥/١٧).

هەموان دەزانن ئەو هێزە تاریکەی  بەختیار باسی لێوە دەکات، ئەوە ئەو هێزە بەرچاوو ئاشکرا کاولکارەی سەرمایەدارییە کە زانستی وەک بەشێک لە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی، کردۆتە هێزێکی وێرانکار. زانستیش هیچ مانایەکی ئەخلاقی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو وەک مەنهەج و مێتودی تاقیگەیی، بۆتە داردەستی چینێک بۆ پێشخستنی هێزە ئابووری و عەسکەری و سیاسیە وێرانکارەکانی دژی هەموو مرۆڤایەتی.

بەختیار وا دەبینێت زانست ئەخلاقە، چاککردنی ئەخلاقیش ڕێگایە بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگا لە پێوەندەکانی. بەڵام زانست لە دوای جەنگەوە لەدەست دەردەچێت و شێت دەبێت و هێزە ئەخلاقیەکەی خۆی وون دەکات.

کام جەنگ؟ بۆچی گوایە مرۆڤایەتی، هەموو ڕۆژێک و هەموو ساتێک؛ لە سێبەری جەنگی سەرمایەدارییدا، ژیان ناگوزەرێنێت؟

هەتا زانست خۆی، لە چنگی سەرمایەداریەکی دڕندە ڕزگاری نەبێت، ناتوانێت ببێتە هێزێکی ڕزگارکەر، ئیتر با بەردەوام فەیلەسووفە ئەخلاقیەکان، زانستمان وەک ئەخلاق و ئەخلاقیشمان وەک هێزێکی ڕزگارکەر نیشان بدەن.

با لێرەوە شۆڕبینەوە بۆ ناو ئەسڵی باسەکە.

## باسەکەمان چیە؟

باسەکەمان لێکۆڵینەوەکانی کارل مارکسە لە مێژووی سەرمایەداری و ڕەخنە ساویلکانەکانی سۆمبارتە کە  بەختیار عەلی پەنای بۆ بردووە بۆ لێدان لە مارکس. ئەوانەیش لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ دەکەینەوە:

### ١) سەرمایەداری لە کوێوە دەستپێدەکات؟

بەختیار عەلی، لە زوبانی نازیستێکەوە وەک سۆمبارت؛ وامان تێدەگەیەنێت مارکس بە هەڵە باس لە مێژوو دەکات کاتێک باسی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی دەکات، گوایە مارکس سەرهەڵدانی سەرمایەداریی دەگێڕێتەوە بۆ بریتانیا.

بە پێچەوانەی لیبرالیستە برجوازیەکانەوە، مارکس بە مەنهەجێکی ماتریالیستی و بە مێتودێکی تاقیگەییانە، کون و کەلەبەرەکانی مێژوو دەپشکنێت و دەڵێت:

"بۆ تێگەیشتن لە گەشەی سەمایەداری، پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی زۆر دوور نیە بۆ دواوە. سەرهەڵدانی یەکەمین گەشەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری؛ وەک دیاردەی تاک تاک، دەگەڕێتەوە بۆ چەند شارێک لە شارەکانی دەریای ناوەڕاست لە سەدەکانی ١٤-هەم و ١٥-هەمدا، بەڵام سەرەتای سەردەمی سەرمایەداری خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦-هەم" کارل مارکس، سەرمایە، کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، چاپی کوردی، وەرگێڕانی ئەنوەر نەجمەدین، ساڵی ٢٠١٧، ل: ١٢).

## ٢) مێژووی شار

بەختیار لە دیدگای سۆمبارتەوە باس لەوە دەکات کارل مارکس، تەنها شارەکانی سەردەمی سەرمایەداریی دەبینێت کە مارکس واتەنی، لە نێوان چەند شەوو ڕۆژێکدا، دەچن بە ئاسماناو دەشتێکی چۆڵ ئاوەدان دەکەنەوە، وە مارکس ئەو شارە سەرمایەداریانەیشی تەنها لە بریتانیادا دۆزیوەتەوە.
جارێکی تر ببینن مارکس چۆن لە مێژوو دەدوێت:

"لەو کاتەدا کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەرکەوت، ئەوکاتە زۆر دەمێک بوو، سەردەمی سیستمی کۆیلەی زەوی بەسەر چووبوو، درەوشاوەیی شارە سەربەخۆکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش، دەمێک بوو کوژابوونەوە" (کارل مارکس، سەرمایە، کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل : ١٢).

با کەمێکی تریش لە باسەکە نزیک ببینەوەو جیاوازیی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و شارەکانی سەردەمی سەرمایەداریی بۆ سۆمبارت و قوتابیەکانی ڕوون بکەیەنەوە.

ئەوەی سۆمبارت تێی ناگات ئەوەیە کە پێکهاتەی شار بە هەموو شێوەکانیەوە، وە لە هەموو سەردەمەکانیشدا، ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەکانی بەرهەمهێنانە؛ دەربڕی ئاستێکە لە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان. شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، شارەکانی نێو سیستمی سەرمایەداریی نین. لە سەردەمی نوێدا، لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، کۆمەڵگای برجوازی، لادێ و بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیشی، دەبنە بەشێک لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداریی، سەرمایەی کشتوکاڵییش، دەبێتە سەرمایەی پیشەسازی، سەرمایەی بەرهەمهێن، وە ئیتر موڵکانە سەردەمی بەسەر دەچێت و دەبێتە زەوی بەکرێدان (ریع). بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەوە مارکس نیە شارەکان نابینێت، بەڵکو ئەوە سۆمبارتە لە مێژوودا وون بووە، ئەوە مارکس نیە نازانێت شار چیە، بەڵکو ئەوە بەختیارە خوێندنەوەیەکی برجوازیانە بۆ مارکس دەکات.

دووبارە ببینن کارل مارکس چی دەڵێت:

"کاتێک زەوی بەکرێدان پێکدێت، ئیتر خودی موڵکدارێتی زەوی خۆی، دەرئەنجامی ڕکابەریە، چونکە ئیتر لەوکاتە بەدواوە، بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش دەبەسترێن بە بەهای بازاڕەوە، چونکە ئیتر زەوی بەکرێدان، موڵکدارێتی زەویەو بۆتە ماتریالێکی بازرگانی. وە ئیتر زەوی بەکرێدان، تەنها لەوکاتەدا ڕوودەدات کە پیشەسازیی شارەکان و ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەی لێیەوە دروست بووە، خاوەن زەوی ناچار دەکات، تەنها بیر لە قازانجی نەختی بکاتەوە، پەیوەندیی نەختینەیی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی -لە ڕاستیدا، وا دەکات ئەو وا لە موڵکدارێتی زەویەکەی بڕوانێت، هەروەک ئەوەی سکەیەک بێت بۆ پارەلێدان. زەوی بەکرێدان، بە تەواوی، خاوەن زەویی لە خاک، لە سروشت دابڕی" (کارل مارکس، هەژاریی فەلسەفە).

ئەمەیە جیاوازی نێوان مارکس و سۆمبارت، ئەمەیە جیاوازی شارەکانی ڕابووردوو لەگەڵ شارە مۆدێرنەکانی نێو سیستمی سەرمایەداریدا، ئەمەیە سەروەرێتی سەرمایە بەسەر جیهاندا، ئەو سەرمایەیەی ژیانە هێمن و ئازادو سەربەخۆکانی نێو کۆمۆنەکانی هیندستان و ئەمریکاو ئوسترالیایشی تێکوپێکشکاندو بەکێشی کردنە نێو بازاڕی ڕکابەریی جیهانیەوە، بەرهەمەکانی ئەوانیشی کردە کاڵا، واتە سەرمایە.

با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ بریتانیاو ببینین کارل مارکس دەربارەی ئەوێ چی دەڵێت:

"ئێمە ئینگلترە وەک نموونە وەردەگرین، چونکە پێشکەوتن لێرە، لە شێوە هەرە کلاسیکیەکەیدا ڕوودەدات" (مارکس، سەرمایە، کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەمایە، ل : ١٣).

مارکس لە پەراوێزەکەدا ئەمەیش زیاد دەکات و دەڵێت: "لە ئیتالیادا کە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەر لە هەر شوێنێکی تر تێیدا گەشەی کردووە، جووتیارانی کۆیلەی زەوی، بەر لە هەر وولاتێکی تر، لەنێو چوون. جووتیاری کۆیلەی زەوی لە ئیتالیادا ئازاد بوو؛ تەنانەت بەر لەوەیشی مافی یاسایی بدرێتێ بۆ بەکارهێنانی زەوی. هەر لەبەر ئەوە، ئەم ئازادیەی، هەر بە خێرایی دەیکاتە پرۆلیتاریایەکی بێ ماف، سەروەرە نوێکانیشی هەر لە سەردەمی ڕۆمەکانەوە، لە شارەکاندا چاوەڕێیان دەکرد. وە کاتێک شۆڕشی بازاڕی جیهانی هەر لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمەوە سەرکەوت بەسەر بازرگانی ئیتالیای باکووریدا، ئیتر بزووتنەوەیەکی پێچەوانە دەستی پێکرد. جەماوەری کرێکاران لە شارەکانەوە ڕوویان کردەوە گوندەکان، بەو هۆیەیشەوە ئەو کشتوکاڵە بچووکەی لە شێوەی باخەوانیدا ڕێکخرابوو، گەشانەوەیەک ڕووی تێکرد کە هەرگیز لەوەوبەر لە بارەیەوە نەبیسترا بوو" (کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل : ١٣).

## ٣) هۆڵەنداو سەرمایەداریی

بەختیار دەیەوێت بایەخی لێکۆڵینەوەکانی کارل مارکس بەوە کەم بکاتەوە کە گوایە ئەو نازانێت، وەک سۆمبارت دەڵێت، گەشەی هۆڵەندا دەکەوێتە بەر لە گەشەی بریتانیا. بەختیار نازانێت سۆمبارت ئەوەیشی لە مارکس وەرگرتووە.

فەموو ببینن مارکس چی دەڵێت: "سیستمی کۆلۆنیالیستی بە بازرگانیە دەریاییەکانی و جەنگە بازرگانیەکانیەوە، بووە پاڵپشتێکی گەورەی سیستمی قەرزدان. ڕەگی ئەمە لەسەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ هۆڵەندا" (کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل : ٧٨).

کارل مارکس هەر لە کتێبی سەرمایەدا کە سۆمبارت خۆیی پێ خستۆتە گێژاوەوەو بەختیار عەلیش ئەوەندە بەچاوی قینەوە تێی دەڕوانێت توانای خوێندەوەیی نیە تا ڕاستەوخۆ وەڵامەکانی لە مارکس وەربگرێتەوە، دەڵێت:

"ڕەگەزە جیاوازەکانی کەڵەکەبوونی سەرەتایی، کەم تا زۆر، لەڕووە مێژوویەکەیەوە، بەتایبەت دابەش دەبێت بەسەر ئیسپانیاو پورتوگال و هۆڵەنداو فەرەنساو ئینگلترەدا. لە کۆتایی ١٦٠٠-کانیشدا، هەموو ئەم ڕەگەزانە لە ئینگلترەدا لە سیستمێکی کۆلۆنیالیستی و قەرزی دەوڵەت و سیستمی باجی نوێ و پاراستنی گومرگیدا جێگیر دەبن" (کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل : ٧٢).

دووبارە دەڵێت: ""لە سەرەتای ١٧٠٠-کاندا مانیفاکتۆرەکانی ئینگلترە بە هەنگاوی گەورە پێش مانیفاکتۆرەکانی هۆڵەندا کەوتن، وە ئیتر هۆڵەندا ڕۆڵی خۆی لەدەستدا وەک وولاتێکی بازرگانی و پیشەسازی سەروەر" (کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل : ٨١).

واتە ئەوەی کارل مارکس لە ئابووریزانە بازاڕییەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە: سەرمایەداریی هەر لە سەرەتاوە، وەک سیستمێکی جیهانی سەرهەڵدەدات نەک سیستمێکی هوڵەندی یان بریتانی، وە هەموو ئەو وڵاتانەیشی هەر لە سەرەتاوە، لە ئیستیعمار کردنی جیهاندا بەشداریان کردووە، بەشێکی پێکهێنەر بوون لەو سیستمە جیهانیە.

## ٤) مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی

بەختیار عەلی دەڵێت: "عەقڵیەتی مەسرەفگەرایی و ئارەزووی لافلێدان و ژیانی ڕازاوەو شکۆبازی و کلتووری عەشقبازی و سێکس، سەرمایەدارییان دروست کردووە" (ڕۆژنامەی ئاوێنە). وە ئەگەر زۆر بیدوێنین، ئەوا هەر بە سێکس؛ یان وەک خۆی دەڵێت بە "خۆشەویستی زانستیی"، مرۆڤایەتی لە چەوساندنەوە ڕزگار دەکات.

بەر لە هەرچی، دەبێت بڵێین، ئەگەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی "شکۆبازی و عەشقبازی و سێکس" بونایە، ئەوا مێژووی سەرمایەداریی، لەگەڵ مێژووی فرعەونەکانی میسردا، بەر لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، دەستی بە گەشانەوە دەکرد.

ئەگەر تەنها ئەوەندە بزانین کە بۆچی، بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە ئابووریەکانی ئادام سمیس، دەیڤید ریکاردۆ، کارل مارکس، بەر لە ٢ سەدە لەمەوبەر دەردەکەون نەک ٥٠ سەدە لەمەوبەر، ئەوا زۆر بە ئاسانی لەوەیش تێدەگەین کە بۆچی سەرمایەداریی لە سەدەی چواردەهەمدا دەردەکەوێت نەک لەگەڵ شارستانیەتە کۆنەکانی وەک میسۆپۆتامیاو بابل و چیندا.

بە پێچەوانەی ئابووریزانە لیبرالیستە برجوازیەکانەوەو دژی دەرئەنجامەکانی سۆمبارت کە بەختیار پەنای بۆ بردووە، مارکس پرۆسێسی سەرهەڵدانی مێژوویی سەرمایەداریی بەم جۆرە دەبینێت:

"دۆزینەوەی کانی ئاڵتوون و زیو لە ئەمریکادا، لەناوبردن و بە کۆیلەکردنی دانیشتوانە ئەسڵیەکەی و ناشتنیان بە زیندوویەتی لە کانەکاندا، هەنگاوی یەکەمی داگیر کردنی هیندی خۆرهەڵات و تاڵان کردنی، کردنی ئەفریقیا بە شوێنی ڕاوکردنی ڕەشپێستەکان بۆ بازرگانی پێکردنیانەوە وەک کۆیلە - ئەمانە هەموو بەرەبەیانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێکدەهێنن. ئا ئەم ڕووداوە نموونەییانە، ڕەگەزە سەرەکیەکانی کەڵەکەبوونی سەرەتایی پێکدەهێنن. ئەمەیش هەر خێرا، جەنگی بازرگانی نەتەوە ئەوروپییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا کە گۆڕەپانەکەی تەواوی گۆی زەوی بوو. ئەمەیش بە جیابوونەوەی هۆڵەندا ڕوویدا لە ئیسپانیا، کە گەلێک ڕەهەندی جیاوازی هەبوو لە جەنگی دژ بە یاکوبیەکاندا لە ئینگلترە، وە ئەمە تا ئێستایش وەک جەنگی تاڵانی، لە شێوەی جەنگی ئەفیوندا، دژی وڵاتی چین و هتد، هەر بەردەوامە" (سەرمایە، کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل: ٧٢).

مارکس بەردەوام دەبێت دەڵێت:

"لە سەرەتای ١٧٠٠-کاندا مانیفاکتۆرەکانی ئینگلترە بە هەنگاوی گەورە پێش مانیفاکتۆرەکانی هۆڵەندا کەوتن، وە ئیتر هۆڵەندا ڕۆڵی خۆی لەدەستدا وەک وڵاتێکی بازرگانی و پیشەسازی سەروەر. بۆیە یەکێک لە پرۆژەکانی ئەو وڵاتە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٠١-١٧٧٦ دا، قەرزدانی گەورە بوو بە ڕکابەرەکەی، واتە ئینگلترە. وە ئێستا هەمان پەیوەندی لە نێوان ئینگلترەو

وولاتە یەکگرتووەکاندا هەیە. بەشێکی گەورەی ئەو سەرمایەیەی ئەمڕۆ لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، هیچ نیە خوێنی ئەو منالانە نەبێت کە دوێنی لە ئینگلتەرەدا کرایە سەرمایە" (کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە، ل : ٨١).

ئەمەیە مەنهەج و مێتودی ماتریالیستانەی مارکس بۆ مێژوو. ئەو مەنهەج و مێتودەی لە هەموو ئابووریزانە برجوازیەکان جیای دەکاتەوە.

## مەنهەج و مێتودی مارکس

لەمانەی سەرەوە، دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕەوانبێژیەکەی فەیلەسووف و شاعیرو پەخشاننووس، بەس نیە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو. مێژوویش لە مەنهەج و مێتودی مارکسدا، ڕووداوە بە چاو بینراوەکان نین، بەڵکو زریزەیەکن لە گۆڕانکاریە ماتریالیستیەکانی ناو ئابووریی مێژوویی، لە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهینان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان. هەر لەبەر ئەوەیە کە نابێت دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئاشی هەڵمی بەکاربهێنن و خاوەن کشتوکاڵەکانی سەدەی بیست و یەک نەزانن بانک و حەواڵەو مۆبایل و بیتکۆین چیە.

بەکورتی، جیهان بە داڕشتنی نوێ ڕێکناخرێتەوە، بەڵکو بە گۆڕینی شێوازی بەرهەمهێنانەکەی، بە گۆڕینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بەرهەمهێنان هەڵدەگێڕدرێتەوە. لێکۆڵینەوەیش لە مێژوو، کاری شیعرو شانامەو پەخشان نیە، بەڵکو کارێکی تاقیگەییە. وە زۆر بەدڵنیاییەوە، داڕشتنە ئەدەبی و فەلسەفیەکان، هیچمان نادەنێ دەستەواژەیەکی ووشکی داڕێژراو نەبێت بە کۆمەڵە ووشەیەکی بێ مانای بێ پەیوەندی بە یەکەوە.

دەبێت ئەوەیش بڵێین، مەنهەج و میتودی ماتریالیستانەی مارکس، لە مارکس خۆیەوە سەیر دەکرێت نەک لە دەوڵەتی سۆڤێتی و ستالین و ناکۆکیە ڕکابەریەکانی نێوان ستالینیزم و لیبرالیزم و دابەش کردنی جیهان لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا لە جەنگی جیهانی دووهەمداو ناساندنی ستالینیزم و لیبرالیزمیش لەسەر بنەمای پێوەرە بەدناوەکەی فەیلەسوفە ئەخلاقیەکان کە گوایە ستالینیزم هێزی شەڕو خراپەیەو لیبرالیزمیش هێزی خێرو چاکە. وە ئەگەر تاقیگە جێگای ئەم باسە ئابووریە مێژوییانە بێت نەک مەیدانی فەلسەفەو بوونگەرایی و ئەخلاقگەری، ئەوا زۆر بەدڵنیاییەوە، دەبێت دەستپێکردن لە پشکنینی ڕەگەزو فاکتەرە ئابووریە مێژووییەکانەوە بێت نەک لە ووشە چنین و لە هێزە ئەفسانەییەکانی نێو ئاینە ئاسیاویە کۆنەکانی وەک بوزی و هیندۆس و زەرادەشتەوە کە بوونە بەردی بناغەی ئەخلاق لە فەلسەفەی کۆنی یۆنانیدا؛ ئەو فەلسەفەیەی ناتوانێت هیچ شتێک لێکبداتەوە بە پەیوەندی نێوان خێرو شەڕ نەبێت. بۆیە ناچارین بڵێین: تیۆریەکانی سۆمبارت، هەمان ئاژاوەی نێو سەری ئابووریزانە برجوازیە لیبرالیستەکانە کە ڕەنگدانەوەی ئاژاوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریە، خوێندنەوەی بەختیاریش بۆ ئەو تێزانەی سۆمبارت و فەیلەسووفە بەدناوە نازیستەکان، هەر تەنها گواستنەوەی یۆتۆپیایەکی برجوازیانەیە بۆ نێو ئەدەبی کوردی و چیترنا.

ماتریالیستەکان یاسا ئابووریەکان دەپشکنن، یاسایش لە دەستنیشانکردنێکی مێژووییانەی پەیوەندیە ئابووریەکانەوە وەردەگیرێت نەک لە خەیاڵەکانی نێو سەری شاعیرو فەیلەسووفەوە. وە کارل مارکس، هەر بەو ڕێگایەو بە شیکردنەوەی دیاردەکان و پەیوەندی نێوانیان، لە کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایەوە دەستپێدەکات و بە پرۆسیسی بەرهەمهێنانی کاڵاو

کڕین و فرۆشتن و بازاڕی کارو سەرمایەو کرێی کارو قازانجدا تیدەپەڕێت تا دەگاتە کشتوکاڵ و زەوی بەکرێدان لە کۆمەڵگای مۆدێرنی سەرمایەداریدا. وە هەر ئەمەیشە، بە تەواوی، مەنهەج و مێتودی مارکس، وەک سیستمێکی فیکریی تاقیگەیی نیشان دەدات. خودی ئەم باسەیش، بە دیدێکی ماتریالیستانە بۆ مێژوو، یەکالا دەکرێتەوە، نەک بە فەلسەفەی تاکگەرایی و سایکۆلۆژیای ئابووریزانە برجوازیەکان. دیدگای ماتریالیستییش بواری ئەوەمان دەداتێ لەوە تێبگەین کە تەنانەت جل و بەرگ، شێوازی هەڵسوکەوت، خواردن و پەیوەندی، وە تەنانەت سێکس و عەشقبازییش لە سەردەمە جیاوازەکاندا، هاوشان دەبنەوە بە گۆڕانە مێژووییەکانی نێو شێوازی بەرهەمهێنان بە هەردوو هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە، ئیتر با برجوازیەت و ڕۆشنبیرەکانیشیان، لە دژایەتی چینە هەژارەکاندا، دەیان بیانووی سەیروسەمەرە بدۆزنەوە بۆ شێواندنی ئەو دونیا بینیە ماتریالیستیە بۆ مێژوو.

## دوا ووشە

دیوێکی تری ئەم باسانە کە لە داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەری، ئەوەیە نووسەرە برجوازیە لیبرالیستەکان کە ڕەهەندیەکان بەکێشیان کردوونەتە نێو ئەدەبی کوردیەوە، دەیانەوێت تاکێکی ئازادی بێ هیچ بەربەستیک لە کۆمەڵگادا بناسێنن کە دەتوانێت بە خۆی و کتیبەکانی سارتەرو کامۆو هایدگەرەوە، لە کۆمەڵگا یاخی ببێت و ئەو جیهانە بۆ خۆی دروست بکات کە خۆی پێی خۆشە.

بەڵام لە دیدی ماتریالیزمی مێژووییەوە، هیچ تاکێک لە کۆمەڵگادا، ئازادیی ئەوەی نیە، هەر تەنها بە بیرکردنەوەیەکی ئازاد، سنووری پەیوەندیە ئابووریەکان ببەزێنێت و باز بداتە نێو ئەو جیهانەوە کە خۆی حەزی لێیەتی. بۆچی؟

با ڕێ بدەین کارل مارکس وەڵامی ئەم برجوازیە لیبرالیستانە بداتەوە:

"لە بەرهەمهێنانی مۆدێرندا، تەنانەت بەرهەمهێن لەوەیشدا ئازاد نیە کە لە بەرهەمهێناندا ئەو چەندایەتیە بەرهەمبهێنێت خۆی دەیەوێت. ئاستی پێشکەوتنی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان، ناچاری دەکات، بەم یان بەو ئاست، بەرهەمبهێنێت.

بەکاربەریش ئازادیەکی زیاتری نیە لە بەرهەمهێن. بریارەکەی ئەویش وەستاوە لەسەر کەرەسەکانی و پێداویستیەکانی. هەریەکە لەوانەیش، بەو پێگە کۆمەڵایەتیە دەستنیشان دەکرێن کە خۆیشی وەستاوە لەسەر تەواوی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. لە واقیعدا، ئەوە دروستە، ئەو کارگەرەی پەتاتە دەکرێت و ئەو ژنە بەختەوەرەیشی دانتێل دەکرێت، هەریەکەیان شوێن بریارەکانی خۆیان دەکەون. بەڵام جیاوازیان لە بریارەکانیاندا، بەو پێگە جیاوازانە ڕوون دەکرێتەوە کە هەریەکەیان، لەم جیهانەدا داگیریان کردووە، خودی ئەو پێگەیەیش، بەرهەمی ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیە" (کارل مارکس، هەژاریی فەلسەفە).

لە داهاتوودا ئەو باسەیش دەخەینە نێو ئەدەبی کوردیەوە کە ڕەهەندیەکان، خۆراکێکی ڕۆحیان لێدروست کردووە پڕ بە جیهانە لیبرالیستیەکەی سەرمایە، ئەو جیهانەی لەگەڵ پێشکەوتنەکانیدا، هەژاری و بێکاری و جەنگ و ماڵوێرانی و برسێتی و دەربەدەری دروست دەکات و بە بەردەوامییش جەنگی شۆڕشگێری بەدوای خۆیدا دەهێنیت. تێگەیشتن لەمەیش کاری ووشە داتاشین و پەخشان ڕێکخستن نیە، بەڵکو کاری مەنهەج و مێتودێکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئابووریەوە دەستپێدەکات، واتە

له بەرهەمهینان و دابەش کردن و ئاڵوگۆڕو بەکاربردنەوە. فەیلەسووفەکانیش، بە ئەخلاقیەکان و بوونگەراکانیانەوە، دەبێت مارکس واتەنی: لە ئاسمانەوە دابەزنە سەر زەوی، لە زمانیشەوە بگوێزنەو بۆ نێو واقیع (الایدیولوجیة الالمانیة).

هەرکات ئەو کارەیان پێکرا، ئەوجا لەسەر زەوی و لەنێو مێژووی ئابووریدا دەبینن: "ئارەزووی لافلێدان و ژیانی ڕازاوەو شکۆبازی و کلتووری عەشقبازی و سێکس" پێشینەی مێژوویی سەرمایەداریی نین، بەڵکو هەموو ئەمانە، لە شارستانیەتە هەرە کۆنەکانی جیهاندا بینراون، بە ماوەیەکی ئێجگار درێژ بەر لە مێژووی سەرهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری.

پێویستە ئەوەیش یاد بخەینەوە: هەموو ئەو پیشەسازیانەی لە باسەکەی بەختیاردا بە هۆکاری سەرهەڵدانی سەرمایەداریی ناوبراون، ئەوانە لە باری مێژووییەوە، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی درەنگ لە کامڵ بوونی ئەو سیستمە. بە گشتییش، باسەکەی بەختیار، گەلێ دوورە لەوەی بابەتێکی ئابووریی بێت، بەڵکو زیاتر بە پەخشان دەچێت.

ئەوەیش بەکەم نازانین بڵێین: ئەو ژیانە بێهودەیەی فەلسەفەی بوونگەرایی بڵاوی دەکاتەوە، ئەوە بەرهەمی ئەو ژیانە تێشکاوەیە کە ڕۆمانسیانە مامەڵەی ژیان دەکات. ئەمەیش لە نێو چەند ڕۆشنبیرێک تێپەڕ ناکات. ئەو تەسلیم بوون و تێشکاویە، زۆر ئاشنا نیە بە ژیانی کارگەران، بە ژیانی ئەوانەی بەدوای لووقمەی ژیاندا وێڵن، بێهوودەیی لە ژیانی ئەواندا، یانی مردنی منداڵەکانیان لە برسا. هەر لەبەر ئەوەیشە ئەوان هەرگیز ناتوانن گوێ بۆ بەختیار بگرن کە دەڵێت: گرنگ نیە شۆڕشگێر بیت! وە گوێیش بۆ کەس ناگرن پێیان بڵێت دەبێت شۆڕشگێر بن هەتا ئەو کاتەی ژیان ناچاریان دەکات وەک یەک جەستەی یەکگرتوو هەڵسنە سەرپێ دژی چەوسێنەرەکانیان. شۆڕشگێریی ئەوان، دەرئەنجامی ژیانی سەختی خۆیان و چەوساندنەوەی چینێکە لەلایەن چینێکی ترەوە، بۆیە ئەوان لە سەردەمە شۆڕشگێریەکاندا، دەچنە پێشەوەی شانۆ، ئیتر با هەموو ئەخلاقگەراکانی ئەم جیهانە بقیژێنن بە گوێیانداو پێیان بڵێن: ئێوە ئاژاوەگێڕن!

بەڵێ ئەوان بە حەق ئاژاوەگێڕن، تێکدەرن، تێکدەری سیسمی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوەو ڕێکخەرەوەی ژیانی کۆمۆنی. کارل مارکسیش بۆیە جێگای ڕەزامەندیی برجوازیەکان نیە، چونکە کتێبخانەکەی هیچی تێدا نیە کەلەپووری مێژوویی ئەو چینە شۆڕشگێرەو ڕاپەڕینە کۆمۆنیەکانی نەبێت دژ بە جیهانە مەدەنیە لیبرالیستە سیکۆلارەکەی سەرمایەداری.